# شەمس لەنگەرودی

لە فارسییەوە: جەبار سابیر

١

باران

کە قسە لەسەر ناسکی سروشتی نییە

وێرانی کرد

شاری مێرووڵەکان.

٢

بیردەکەمەوە

کەواتە هەم

دەنا لەکوێوە بزانم

تۆ نیت.

٣

ئێستا کە مەرگ کات ژمێرەکەی کۆک دەکا و

لەناوی تۆ دەپرسی

وەرە بەگوێتا بچرپێنم

ژیان هەمووی
جوان بوو.

٤

هەر گۆرانییەک
ئەستێرەیەکی نابەڵەدە
راز ئامێز و
زوڵاڵ
لە قوڵایی شەوێکی درێژدا.

٥

نازانێ بۆ قەسابخانەی دەبەن
ئەو بەرخەی
کەوردە وردە لە دوای مناڵەکانەوە دەڕوات
تا جێ نەمێنێ.

٦

بارانی شەوانەم خۆشەوێ
نیوە شەوان
گڵۆپی رۆشنی پارکەکان
ئەو ئۆتۆمبیلانەش
کە بەخێرایی ژیان دەڕۆن.

٧

نەباخەوان
نەهاتوچۆی هاوسێکان
نە حەپەی سەگەکان..
کەسێ نەبوو
هاوینێکی گەرم و شیرین
مەخابن

کەباخێک نەبوو.

## هۆزێک هەیە

هۆزێک هەیە
مرۆڤ دەخۆن و
میوانەکانیان دەکەنە کەباب،
بەڵام ئێوە
لە هۆزی مرۆڤ خۆران نین
دەچنە ریزەکانی شانۆوە
سەرماو تابلۆ دەناسن
کەچی لەهۆزی مرۆڤ خۆران نین
هەروەها هۆزێکی تریش هەیە
گۆشتی پیرانیان دەکەنە خۆراک
لەمیوانی نامۆ دەترسن
ئێوە بەڵام
رێزی پیرەکانتان دەگرن
لەمیوانی نامۆش ناترسن.
ئێوە
لەهۆزی مرۆڤ خۆران نین
بۆ پێشانگەو رێستۆرانتە خاوێنەکان دەچن
پێدەکەنن
یەکتریش دەخۆن و
لەهۆزی مرۆڤ خوارنیش نین.

## شیعر

شیعر
کتومت دار سێوە
لە بەهەشتەوە هاتووە و
میوەی حەرام دەگرێت

خودایە
مەگری
چاک دەبێتەوە
ئەوانە پەیامبەرەکانی تۆ نین
پەیامبەرەکانی تۆ
کتێبەکانیان کردە هەویر و
لە بازاڕەکاندا
کاغەز دەفرۆشن.
خودایە
رێزی هونەرمەندەکانت بگرە
ئەوانە کوڕەکانی (نوح)ن
پەیمانیان داوە
پارەی بانکەکان لە فڕۆکەکاندا دابەش کەن
تەنیا ئەیوب ماوە کە ڕێگەیان نەدا بچێتە خەڵوەتگەی پیری.

**دیاری**

دیاری لەدایکبوونم
گریان بوو
پێکەنین
لە تۆوە فێر بووم
بەرد بووم
کردمت بەکێو
بەفربووم
کردمت بەئاو
تۆ ماڵی دەریات نیشاندام
ئەمزانی بگریم
پێکەنینت
بەدیاری دامێ.

سەرچاوە: لە کتێبی باخەوانی دۆزەخ